# کورتترین وعەقڵانیترین ڕێگا.. سەربەخۆیی کوردستانە!

حەمە غەفور    mgafor@yahoo.com

ئەگەر لەناوەرۆکی بانگەشەی نزم وشەرمنۆکانەی یەکێتی وپارتی ووردبینەوە، بەتایبەتی لەووتە وڕاگەیاندنەکانی بەرزانی وتاڵەبانی لەگاڵتەجاڕەکانی هەڵبژاردنی پێشووتردا بەمەی ئێستاشیانەوە، دەبینین کەبەشێوەیەکی سەرسووڕهێنەر تەپڵ بۆ ئەوە دەکوتن کەگوایا خەڵکی کوردستان بۆ ئەوەی بە"مافەکانیان" شادبن، جگە لەوەی کەدەبێت بەشداری لەم گاڵتەجاڕەدا بکەن کەلەژێر سایەی داگیرکاری ئەمریکادا بەهاوپەیمانی لەگەڵ کۆنەپەرستترین هێز ولایەنی ئیسلامی سیاسیدا نەخشەیان بۆی داڕشتووە، بەمەبەستی بنیاتنانی دەوڵەتێکی عروبی-ئیسلامی، هیچ چارە وڕێگایەکی دیکەیان لەبەردەمدا نییە. ئەوان بەموناسەبە وبێ موناسەبە بەخۆشی بێت یابەناخۆشی، ژمارەیەك خەڵك لەهۆڵێکدا کۆدەکەنەوە وکامێراو میکرۆفۆنی تەلەفزیۆنەکانیان ئامادەکردووەو، دەنگ وڕەنگ لەسیناریۆیەکی گاڵتەجاڕانەتردا دەگوێزنەوە بۆکۆمەڵگا.

بەر لەهەر تێبینیی وبەدواداچوونێکی ئەم شایی ولۆغانەی بزووتنەوەی کوردایەتی، ئەگەر ووردبینەوە لەکەش وهەوای سیاسی کوردستان شتی سەرنجڕاکێش دەبینین. ئەگەر جیهان بەم شێوەیە لەژێر ڕەحمەتی بۆمبارانی پڕوپاگەندەی دەزگا پانوپۆڕە ڕۆژئاواییەکاندا نەبوایە ودەرفەت بڕێك لەبار بوایە بۆ گواستنەوەی ڕاستییەکانی ناوخۆی کوردستان بۆ خەڵکی شەریف وئازادیخوازی جیهان، تەنها بەو هۆیەوە کەبەهۆی بانگەشەی نەشارەزایانە وعەشائیری وتەنانەت نەزانانە ولەڕادەبەدەر نابەجێ وناشارستانی ودوور لەهەر مۆدێکی هاوچەرخەوە، کەناسیونالیزمی کورد وحیزبەکانیی لەسەروویانەوە بەرزانی وتاڵەبانی پێی هەڵدەسن وخەڵك وکۆمەڵگای پێ سەخڵەت دەکەن، دەبوو بدرێنە دادگا. دەزگای تەلەفزیۆنی کەهۆیەکی گرنگی ڕاگەیاندن وهووشیاری بەخشین وبلاوکردنەوەی بابەتی زانستی جۆراوجۆر وبەکەڵك وپێویستی کۆمەڵگایە، وەلەسەرووی هەر شتێکیشەوە هۆیەکی گرنگی ڕاهێنان وپەروەردەییە بەتایبەتی بۆ منالان، بۆ چەندەمین جار هەر لەم ساڵەدا وهەرجارەش بۆ ماوەی مانگ ودوومانگ زۆربەی کاتەکانی تەرخان کراوە بۆ ئەم بانگەشە نادرووست وژاراوییانەی ئەحزابی ناسیونالیستی کورد، کەخۆی لەخۆیدا بەبێ مۆڵەت لەخەڵك ولەکۆمەڵگا، وەلەلایەن ئۆرگانی بەرپرس ودەسەڵاتدار وپسپۆڕ لەڕووی یاسایی وکۆمەڵایەتییەوە (دیارە کەمەیدان بۆ پارتی ویەکێتی وسەرانی بەتەواوی بەئازاد وڕەها دانراوە بۆ پەخشی ژاراوێك کەلەوانەیە زۆربەی خەڵکی کوردستان هەم پێی قەڵس وناڕەحەت بن، هەم قبوڵیان نەبێت) بەمانای گەورەترین سووکایەتی کردنە بە تاك تاکی کۆمەڵ وبەفەرهەنگ وبەموقەددەساتی کۆمەڵگاش. چونکە باری ئارامی وئاسایش وسەرحاڵیی تاك وبەکۆمەڵی خەڵکی کوردستان لەباردەبات.

بێگومان تاڵەبانی وبەرزانی ئازادن چۆن بیردەکەنەوە. ئازادن لەوەی کەتاسەر مۆخ بڕوایان بەدەمارگیریی قەومی ونەتەوەچێتی هەبێ. وەئازادیشن لەوەی کەبەچ شێوەیەك بانگەشەی بۆ دەکەن، تەنها ئەوەنەبێت کەژیان وئارامی وئاسایش وحورمەت وکەسایەتی تاك وبەکۆمەڵی هاوولاتیان دەبێ لێی پارێزراو بێت. هیچ کەس ولایەنێك بۆی نییە چاو وگوێی خەڵکی بکاتە نیشانەی پڕوپاگەندەی ژاراوی وترسناك. دەبێ لێپێچینەوەی یاسایی لەگەڵ هەر کەس ولایەنێکدا بکرێت کەدەست بۆ ئەم کارە دەبات. لەپاڵ فەرهەنگێکی کۆنەپەرستانە وعەشایەری پڕ لەدەمارگیری وفاشیزمێکی تەواو عەیاردا، کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی ئەم دوو حیزبە ڕۆژی چەندین جار کارەساتی کیمیابارانکردنی هەڵەبجە وئەنفال وئاوارەبوون وتەنانەت گوللەبارانکردنەکانی ڕژێمی بەعسی فاشیست لەئاستی گشتی وکۆمەڵدا، لەگەڵ نمایشی قوڕپێوان وشیوەن سازکردندا، بەبێ هووشداری وئاگاداری بۆ بەرگرتن لەکاریگەریی ئەم دیمەنە دڵتەزێنانە بەسەر زەینی پاك وبێگەردی منالانی کوردستانەوە، دووبارە دەکەنەوە. جیاوازی ئەم کارە لەگەڵ سوننەت وفەرهەنگی کۆنەپەرستانەی ئیسلامیدا لەچیدایە کەمنالان بەخورافاتی ئەو دنیا ومارودووپشکی بەهەشت وجەهەننەم دەترسێنن. وەلەڕێگەیەوە زەین وهۆشێکی ناساغ وتیرۆریستی وخەتەر لەزاتی وجودی منالاندا دەخولقێنن؟! هەر بەم دەلیلانە بزووتنەوەی کوردایەتی وحیزبەکانی شایەنی ئەوە نین کەدەزگا ودامەزراوەی ئیداری وگشتی وکۆمەڵایەتییان بەدەستەوە بێت. ئەم بزووتنەوەیە بەسیاسەت وبەفەهەنگ وبەڕەسم ویاسایەوە دەبێ لەدەسەڵات بخرێ وبخرێتە کەنارەوە.

بەڵام بابزانین بۆچی سەرانی ناسیونالیزمی کورد دەیانەوێ بەهەر نرخێك بووە خەڵکی کوردستان پەلکیشکەنە پشتی سیاسەتێکەوە کەڕاستەوخۆ بەدژی مەسەلەی کورد وخواستی سەربەخۆیی وتەنانەت بەدژی مافە جۆراوجۆرەکانی تری خەڵکی کوردستانە؟! ئاخر کوێی ئەم قسەیە ڕاستە کەدەڵێت دەستووری کۆنەپەرستانەی ئیسلامی — عروبی بەشێك لەمافەکانی خەڵکی کوردستانی تێدا جێگیرکراوە؟ کامەیە ئەو مافانەی ئێوە باسیان دەکەن؟ بالەوەگەڕێین کەئەو دەستوورە ڕەشە ئیسلامییە نوسخەیەکە بۆ بەئەفغانستانکردنی عێراق. سەرباری ئەوەی ڕەسم ویاسای ڕزیوی پیاوسالاری وناموسپەرستانە وگەورەسالاری وباوکسالاری ئەبرێ بەبالای کۆمەڵگای مەدەنیی عێراقدا، ولەئەبعادی کۆمەلایەتی وسەرتاسەریدا جینۆساید لەدژی منالان وژنان کەزیاتر لەنیوەی کۆمەڵن لەلایەن نیوەکەی دیکەوە کەپیاوانن ڕەسمییەت پێهەڵدەدات، فاشیزمی ئیسلامی و فاشیزمی قەومی وتائیفیش ئەکاتە یاسای دەوڵەت ودام ودەزگا ئیدارییەکانی وولات. دەستووری عێراقی کەبارزانی وتاڵەبانی بەهەموو توانایانەوە بەرگری لێدەکەن وئەوپەڕی توانایان خستۆتەکار بۆ پەلکێشکردنی خەڵکی کوردستان بۆ مۆرکردنی، بەرلەناوەرۆکی قەومی-عوروبییەکەی، ناوەرۆکە فاشیستییە ئیسلامییەکەی کەعێراق بەبەشێك لەجیهانی ئیسلام دادەنێت، بەهیچ جۆرێك شتێك نییە تیایدا کەناوی خەڵکی کوردستان بێت. پاشان جەوهەری فاشیزمی قەومی عەرەبیەکەشی بۆ زیاد بکەین، ئەوەی دەمێنێتەوە جگە لەپلە دوویی وجینۆسایدێکی دووبەرامبەر لەدژی خەڵکی کوردستان

لەئایندەیەکەی نەچەندان دووردا، چ شتێکی تێدا دەمێنێتەوە هەتا تاڵەبانی وبەرزانی بەم ڕووقاییمیەیانەوە خەڵکی کوردستان بەقەرزاربارییەوە پەلکیشکەنە ناو گاڵتەجاڕی هەڵبژاردنەوە بۆی، جگە لەچەند کورسییەکی زیاتر بۆ خۆیان لەحکومەتی ناوەندا ؟!

پاش زیاتر لە80ساڵ ئیلحاقی ئیجباری کوردستان لەگەڵ عێراقدا، پاش زیاتر لەنیو سەدە جەنگ وکوشتار وبۆمباران وتەعریب وترحیل وجینۆساید، دوای لەبەین چوونی چەندین نەوە لەژێر سایەی دەسەڵاتی فاشیزمی بەعسیدا، بێ چاوڕووییە کەمشتێك ناسیونالیستی نان بەنرخی ڕۆژ خۆری کورد، پاش مێژوویەکی دوورودرێژی مامەڵە وسازش بەسەر کێشەی کوردەوە، بتوانن جارێکی تر بانگەشە بۆ ئیلحاقکردنەوەی دووبارەی کوردستان بەعێراقەوە بەخەبات وتێکۆشان لەپێناوی ڕزگاری خەڵکی کوردستاندا بدەنەقەڵەم!

نـــــا، ڕێگای کورتتر وعەقڵانی تر ئەوەیە دەرفەت بکرێتەوە بۆ خەڵکی کوردستان پاش 50ساڵ زوڵم وچەوسانەوە وماڵوێرانی، بۆ ئەوەی خۆیان بڕیاربدەن لەسەر چارەنووسی خۆیان وکۆمەڵگاکەیان. لەڕیفراندۆمێکی گشتی وئازاددا پرسیاریان لێبکرێت کەئایا، دەیانەوێ لەچوارچێوەی عێراقدا بمێننەوە، یاخود سەربەخۆییان دەوێ؟ ئەمە ئەو ڕێگاچارەیەیە کەخەڵکی کوردستان چاوەڕێی دەکەن. ماف وخواست وئازادی ورزگاری خەڵکی کوردستان تەنها لەسەربەخۆیی کوردستاندا بەدی دێت. غەیری سەربەخۆیی درێژەی ئەو مێژووە سەخت کارەساتبارەیە کەتائیستا کوردستانی پێدا ڕۆشتووە. هەر کەس ولایەنێك خۆی بەبەرپرس بزانێت بەرامبەر بەئایندەی کردستان وخەڵکەکەی، دەبێت لەپشتی خواستی سەربەخۆیی کوردستانەوە ڕاوەستێ.